# سەدام دەبوایە لەسەر سیاسەتی لەناوبردنی میللەتی کورد حوکم بدرایە



ئەحمەد حامد

سەدام حوکم درا بە سێدارە لەسەرە تاوە بەکۆمەڵ کوژەییەکەی -دوجەیل- کە بێجگەلە وێرانکردنی شارۆچکەکە، 143 کەسی لێ کوژا. چ بەگوللە باران.. چ بە لە سێدارەدان..

هەڵوێست بەرامبەر بەم حوکمدانە، خەڵك و لایەن و حزب و کاربەدەستانی کردووە بەدوو بەشەوە بەشێك دەست خۆشی لەو بریارە دەکات و دەیەوێ بەپەلە جێبەجێبکرێت بەشەکەی تر نایەوێ سەدام لە سێدارە بدرێت..هتد.

هەرچەندە حکومەت و کاربەدەستانی ئەمەریکا لە عێراقدا، وادیارە بەپێی مێژووی روودانی تاوانەکان دەستیان بە موحاکەمەکردنی سەدام کرد،بۆیە دۆسیەی دوجیل خرایە پێشەوە، بەلاّم لەراستیدا نەدەبووایە، راستە ئەوەی دوجیل تاوانێکی گەورەیە بەلاّم نەخشەی لەناوبردنی گەلی کورد کە رژێمی سەدام لە ساڵی 1970 وە رێ و شوێنی بۆ دادەنا.. هەر لە داگرتنی دێهاتەکانی سەر سنوورەکانەوە، تا دەگاتە چۆڵکردن و وێرانکردنی زیاد لە چوار هەزار گوند. سووتاندن و مین رێژکردنی دارستان و لەوەرگاو دەروبەری ئاو و کانییەکان، تا دەگاتە کیمیاباران و ئەنفالکردن و گۆرە بەکۆمەڵەکان، کە ئەگەر بواری زیاتری بەدەستەوە بوایە، دەبوایە کوردستان یەك خانووی بەپێوە نەدەماو وەکو سەدام خۆی لەیەکێ لە بۆنەکاندا، دوای کۆتایی هاتنی ئەنفالەکان وتبووی : (ئەو کوردانەش کە دەمێننەوە دەیانکەین بە خزمەتکار بۆی، لەبارو ئوتێل و سەیرانگاکاندا) چونکە سەدام کە وای نیازبوو کە خۆی بکاتە شاهەنشای هەموو عەرەب، کوردستانیش بکاتە سەیرانگاو شوێنی رابواردنی چینە حوکمرانەکانی عەرەبستان..

جا موحاکەمەکردنی سەدام، لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە سیاسیە، کە بەڵگەنامەو کەرەستەی سەلماندنی تاوانەکە لەبەر چاو بوون وە زامنی ئەوە بوون کە موحاکەمەکە ببێتە رووداوێکی سیاسی، کەنەك هەر لەناوچەکەدا، بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا دەنگ بداتەوە و مایەی پرسیارو لێکدانەوە و باس و خواس بێت..

جگەلەمەش یان بەم هۆیەوە، زۆر لە کۆمپانیاو دەوڵەت وەك شەریکی تاوانکار ناویان دەهاتە کایەوە و زۆر لەو نهێنیانەی کە تا ئەمرۆ شاردراونەتەوە، پەردەیان لەسەر لادەدراو دۆست و دوژمن لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمایەتی و جیهان بۆ کوردو بۆ رای گشتی جیهانی ئاشکرا دەبوون.

ئەوکاتەش نەك هەر سەدام بەڵکو دەیان دەست و پێوەندیش ئەگەر حوکم بدرانایە بە سێدارە، لەوباوەڕەدام مەگەر کەسانی سەدام ئاسا، ئەگینا بەرامبەر بە کوشت و بری نەتەوەیەك، بگرە چەند نەتەوەیەکی کوردستان هیچ کەس و لایەنێك پرکێشی نەدەکرد کە بلێ: سەدام لە سێدارە مەدەن یان نەدەبوو حکوم بدرێت بە سێدارە، بەلاّم واهەست دەکەم کەکاربەدەستان بەئەمەریکاشەوە مەبەستیان نەبووە و نەیان ویستوە، کەلەرێگەی ئەو موحاکمەکردنەوە، مەسەلەی رەوای گەلی کورد بەوجۆرە بووروژێنێنن کە ناوبانگ و لایەنگرێکی لە ئەمرۆ زیاتری بۆ پێدابێ نێو رای گشتی جیهان و مرۆڤ دۆست و ماف پەروەرانەوە. ئەمرۆش ئەگەر سەیری دادگاییکردنی سەدام بکەین لەسەر ئەنفالکردن و کیمیابارنکردنی کوردستان، واتە شێوازی بەرێوەچوون و دەرخستنی دادگایی کردنەکە بۆمان دەردەکەوێت کە نایانەوێ ئەو شێوە فراوانەی بدرێتێ ( گوندێك وێران کرا، خەڵکەکەی گوێزرانەوە بۆ نوگرەسەلمان، زۆریان لەبرساندا مردن. یان گوندێك تۆپ باران کران و خەڵکەکەی رایان کرد.. یان گیران.!! هتد.

لەراستیدا ئەمە دادگاییکردنی رژێمێك نییە کەنەخشەی بۆ تەفروتوناکردنی میللەتێك دارشتبێ و زیاد لە 70% ئەو نەخشەیەی جێبەێکردبێت..

ریشە کێشکردنی میللەتێك وێرانکردنی ولاّتێك مەسەلەیەکی سیاسی و مرۆڤایەتی و جیهانیە..نابێ بەمجۆرە و بەم ساردو سریە و بەم بێدەنگیە بیرێت بەرێوە، دەبووایە سەدام و هاوکارەکانی لەسەر ئەم تاوانانە موحاکەمە بکرانایە، نەك لەسەر تاوانەکەی دوجیل کە لەم دادگاییکردنی گەرم و گوڕتربوو.!!

# پێشمەرگە دێرینەکان و زەوییە هەرزان فرۆشراوەکان

چالاك عەبدولاّ

مەسەلەی زەوی دابەشکردن، بۆ کارمەندان هەر لە زوووە هەبووە، هەروەك چۆن ئەرکیان هەبووە مافی ئەوەشیان هەیە دەوڵەت شوێنی نیشتەجێ بووونیان، یان پارچە زەوییەکیان بۆ دابین بکات.

لە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ دوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشمەرگەش وەك یەکێك لە کەسانە بەهۆی ماندووبوون و بێ جێگاو رێگای ژمارەیەکی زۆریان سوودمەندبوون لەو زەوی وەرگرتنە.

لەو سەردەمەدا کە گرانی لەوپەریدا بوو، ژیان قورس بوو بێکاری زۆر بوو پارەی عێراقی زۆر بێ نرخ بوو.

بەلایەوە کارێکی نەنگی بوو بچێت هەندێ کاربکات بۆ پەیداکردنی بژێوی و بەشێکی زۆری رانەهاتبوون لەسەر کاری ترو تەنیا چەکداریەکەی پێشمەرگایەتیان دەزانی هەربۆیەش بەشێکی زۆری هەر زوو زەویەکانیان فرۆشت بە نرخێکی هەرزان و بەشی چەند فەردەیەك ئارد و رۆن و شەکری کرد لەساڵی ١٩٩٦ دا ژمارەیەی ٦٠٠ پارچە زەوی کە بە قورعە دابەشکرا لەلایەن بەرێزان کاك شێخ جەعفەرو کاك مەحمود سەنگاوی و کاك جەمیل و کاك شەوکەتی حاجی موشیر. ئەو زەویانە بەپێی شوێنەکان ٣-١٥ هەزار دیناری سویسری دەکرد لە مزگەوتی کوێسەکان بوو ئەو کاتە فەردەیەك ئارد نزیکەی بە ١٠٠٠ هەزار دینار بوو فەردەیەك شەکر نزیکەی ب هەزار دینار بوو و تەنەکەیەك رۆن بە ٣٠٠-٤٠٠ دینار بوو ا کغم گۆشت بە ١٠٠ دینار بوو واتە بەشی یەك وەجبەی خۆراکی کرد .

هەرچەندە ئێستاش بەشێکی زۆر پێشمەرگە زەوی وەرنەگرتووە. لێرەدا دەڵێم خۆزگە ئەو پێشمەرگانەش وەریان نەگرتایەو هەرزان فرۆشیان نەکردایە. بەلاّم لەدوای بەهێزبوونی دەسەلاّت و وەزارەتەکان بەهەزاران خەڵك لە هەموو چین و توێژەکان بەتەمەن منالّ و سەڵت و چەکدارەکانی سەردەمی رژێم بوون بەدەرەجەدار و پلەکانیان بەرزکرایەوەو دکتۆرو ئەندازیار و پارێزەرو کە بەشێکیان بەپێوەری لەهی پ.م. کە هەندێ جار ١٠٠م دراوە بە پ.م. سەرەڕای شوێنە باشەکان بۆ وەزیرو بەرێوەبەرە گشتییەکان کە ئێستاش نەیان فرۆشتووە و کردوویانە بە مەشروعی گەورە لەبەر ئەوەی پێویستیان پێ نەبووە سەرەڕای ئیمتیازاتی پلەو مکافەئە و خەرجی ناومالّ و شتی تر بۆیان لەگەڵ ئەوەشدا تاك تاك پ.م. کە زەویەکەی وەرگرتووە هاوکاری کراوە لە پێدانی پێداویستی خانوو یان بە پارە کە ئەمە شیاوی خۆیەتی و هێشتا هەر کەمە لەبەر ئەوەی ئەو چەند ساڵەی ژیانی خۆیی و کەس وکاری لەمەترسیدابووە وە هەندێك کەس و کاری خانووی تێکچووە و لە زیندانی بووە و فەرمانبەران لە فەرمانگەکاندا دەرکراون و بەرژەوەندیان بەجێهێشتووە ئێستاش بەدەیان پێشمەرگە کرێچیە و بژێوی ژیانیان کەمە، بۆیە پێویستە ئەوانەی سالاّنی پێشوو زەویەکانیان هەرزان فرۆشکراوە ئاوریان لێبدەنەوەو یان کرێچیەکان و مووچە کەمەکان یان ئەوانەی خانەنشینی نەکراون و توانایان هەیە پلەیان بدرێتی و لەفەرماندەییەکاندا دەوام بکەن و هاوکاریش بکرێن.

هەموو حزبەکان ئەوە باش دەزانن کە رێژەی دەنگدانیان لەدوای پەرلەمانەکەی ١٩٩٢ چەند دابەزیوە. ئەمەش بەشێکی کاری پێشمەرگەیە چ خەڵك سارد دەکەنەوە لە دلسۆزی چ خەڵك دەیبینێ کە کاری بۆ نەکراوە پێشمەرگە بە ٦٠٠٠٠ هەزار دینار خانەنشین کراوە جێی چی دەگرێت و چی بۆ دەکات وەکو بەرێز (کاك عوسمان) قال بوی ناو ژیانی پێشمەرگە وتی: مووچەی وەزیر ٣٠ ئەوەندەی فەرمانبەرە بەلاّم ٧٥ ئەوەندەیەتی خانەنشینی پێشمەرگەیە..




# واسیتە ئەو دیاردەیەی کە هەموومان لێی بێزارین، کەچی دەست بەرداریشی نابین!!

واسیتە کە خۆی وشەیەکی عەرەبیە(واسطة)یە. ئەم دیاردەیە لەهەموو شوێنێك هەیەو بەلاّم بە رێژەی جیاواز...

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی واسیتە بەدیاردەیەکی ناشرین و ناتەندروست دادەنرێت لەکۆمەڵگاداو لە ناو دام و دەسزگا حزبی و حکومییەکاندا. کەس نیە رۆژێ لەرۆژان سکالاّی لەدەست ئەم دیاردە قێزەونە نەکردبێ، یان رۆژێ لە رۆژان زەرەرمەندی ئەم دیاردەیە نەبووبێ..بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، واسیتە هەر لەبرەودایەو روو لەکزی نییە.!

ئا لێرەدایە سەرسورمان و تێرامان لەم دیاردەیە کەسانێکی زۆر، واسیتە بەدیاردەیەکی ناشرین و ناراست ئەزانن کەچی خودی هەر ئەو کەسانەش لەم لاو ئەولا حەز لەواسیتە دەکەن لەشوێنێ دامەزرێن بەواسیتە با ئەو شوێنەش بەمەرجی یاسایی شمولی ئەم کەسە نەکات و چاو پۆشی لێ بکرێ.. کەواتە خەڵکێك وەختێ لەگەڵ واسیتەدا نییە کە بەزیان بۆ ئەو بگەرێتەوە. بەلاّم لەگەڵ واسیتەدایە کە بەقازانج بۆ ئەو بگەرێتەوە..

ئا لێرەدایە تەوازنی کۆمەڵگاو دام و دەزگا حزبی و حکومییەکان تێك دەچێت، واسیتە کارێك دەکات کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دانەنرێ و لەئەنجامدا کۆمەڵگاو دام و دەزگا حکومییەکان باجی ئەم دیاردە خراپە دەدەن، ئەویش بە سست رۆیشتنی کاروباری و ولاّت بۆ پێشەوەو نارەزایی خەڵکانێکی زۆر لەدەولّەت و پشت ساردیان لەخزمەت کردن، بەم ولاّتەو خۆ بە نامۆ بونیان لەم ولاّتەدا....

جەلال دیموکرات